# نەریتــی رۆژنــامەوانــی

**ڕانانی: ڕەوەز سەعید**

کتێبی نەریتی رۆژنامەوانی بریتییە لە سەرجەم ژانرە رۆژنامەوانییەکان و کاری مەیدانی و بواری رۆژنامەگەری، ئەم کتێبە لەلایەن د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی و د.فەریبا سەیادەوە نووسراوە، کە د.عەلی خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆکانی ئۆهایۆو ئۆکلاهۆمای ئەمریکی و ئێستاش پرۆفیسۆری بواری میدیایە لە زانکۆی تاران و ئازادی ئیسلامی بە باوکی زانستی بەڕێوەبردنی میدیای ئێران هەژماردەکات.

ئەم کتێبە بەنرخەی بـواری رۆژنامەگەری لەلایەن (کـارزان محـەمـەد)ەوە بۆ زمانی کوردی وەرگـێردراوەو لە قەبارەی (109) لاپەڕەو لەلایەن سەنتەری روناکبیری هەتاوەوە بڵاوکراوەتەوە.




د.هەڤاڵ ئەبوبەکر لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات زانیارییەکان سەرچاوەی هەموو مۆدێلەکانی رۆژنامەوانین بە هەواڵیشەوە، زانینیش خواستی سروشتی هەموو مرۆڤەکانە، بۆیە .....کۆمینیکەیشنی نوێ لەنێوان ئەم دوو پۆلەدا کۆمەڵە پەیوەندییەکی ئۆرگانی ئاڵوگۆڕکەرانە دروست دەکات، هەر لێرەشەوە رۆژنامەوانی بە هەموو بەشەکانیەوە بە زانست دەگات.

بۆیە ئەم کتێبە هەوڵێکی شێلگیرانەیە لە پرۆسەی بە زانستکردنی رۆژنامەوانیدا، کە لەم سەردەمەدا لە ئاستێکی باڵادا بایەخی پێدەدرێت و، لە ئەورووپای ئەمرۆشدا رێ بەو کەسانە دەدرێت لە دەرگاکەی بدەن، تا پلەی بەرزو باڵا بەدەستبهێنن.

ئەم کتێبە لە حەوت بەش پێکهاتووەو هەر فەسڵێکیش لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە هەواڵ و گرنگی هـەواڵ و جۆری نووسین و شرۆڤەکردنی هـەواڵ و لایەنەکانی دیکەی هەواڵ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی نێردراودا.

بەشی دووەمــی ئـەم کتێبە تەرخانە بۆ بـەدواداگـەران و کۆکردنەوەی هـەواڵ و پەیام و سیفەتەکانی هەواڵنێرو سەرچاوەکانی هەواڵ، دواتریش هەر لەم فەسڵەدا دێتە سەر باسی هەڤپەیڤین و چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی و جۆرەکانی چاوپێکەوتن.

فەسڵی سێیەم تایبەتە بە رێپۆرتاژو جۆرەکانی و رێپۆرتاژو جیاکردنەوەی رێپۆرتاژی بەدواداچوون و رێپۆرتاژی زانستی.

فەسڵی چوارەم باس لە خوێندنەوەی ماکێتەکانی هەواڵ و ئامادەکردنی وێنەی چاپەمەنی و فەسڵی پێنجەمیش تایبەتە بە لاپەڕەمەندی رۆژنامەکان و رێساکانی دروست نووسین.

فەسڵی شەشەمیش باس لە سەروتارو بنەماکانی وتار دەکات، دوا فەسڵیش باس لە کاری رۆژنامەوانی دەسەلاتدارو ئۆپۆزسیۆن لە خۆرئاوادا دەکات و کە ئاماژە بە رۆژنامەوانی ئازادیخوازو رۆژنامەوانی رەخنەگر دەکات.

هەروەها باس لە شێوازە نوێیەکانی رۆژنامەوانی لە جیهانی سێیەمدا دەکات لەگەڵ بەهاو پێوەرە هەواڵییەکانی جیهانی سێیەم.